وتوێژ لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد زەهاوی.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند ئەحمەد زەهاوی: زۆربەی پەیکەرەکانی من ،لە فلکلۆر و کلتوری کوردی سەرچاوە دەگرن
هونەرمەند ئەحمەد زەهاوی: دەبێ شوێنی دانانی پەیکەر، لەسەر بنەمای زانستی بێت
هونەرمەند (ئەحمەد مستەفا زەهاوی) لە ساڵی 1962 لە شاری خانەقین لە دایك بووە ، دەرچووی ئەکادیمیای هونەرجوانەکانی بەغدایە، لە زانکۆی سەڵاحەدین بەوانامەی ماجستێری لە ژێر ناوی "جوانکاری و تەکنیکی لە کاری هونەرمەندانی پەیکەرسازی کوردستان" وەرگرتووە . پەیکەرەکانی زیاتر واقعین ، بەشداری چەندین پیشانگا و فیستڤاڵی لەسەرئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانی کردوە ، ئێستا مامۆستایە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی هەولێر بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کارەهونەرییەکان و ئەم دیدارەمان لەگەیدا ساز داوە.









- **بەرزتان هونەرمەندکی ناسراون بەنام پشمان باش بوو بۆ خوێنەرامان ، زیاتر باس لە ژیانی هونەری خۆت بکەیت.**
- ناوم هونەرمەند ئەحمەد مستەفا زەهاویە لە ساڵی 1962 لە شاری خانەقین لە دایك بووم دەرچووی ئەکادیمیای هونەرجوانەکانی بەغدام بەشی پەیکەتارشی ، لە ساڵی 1988 بڕوانامەی بەکەلێریسی لە هونەری شێوەکاری بەدەست هێنا،دواتر لە زانکۆی سەڵاحەدین بڕوانامەی ماجستێرم وەرگرتووە .. بەشداری چەندین پیشانگا و فیستڤاڵ لەسەرئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان کردوە، پەیکەرەکانم لە چەندین شوێنی جیاجیا کوردستان دانراوە.
- **زۆربەی هونەرەکان پەیوەستن بە بەهرە ،سەرچاوەی بەهرەکانی تۆ بۆ پەیکەرەکانت چین؟**
- زۆربەی پەیکەرەکانی من ،لە فلکلۆرو کلتوری کوردی سەرچاوە دەگرن.

***کێن ئەو پەیکەرتاشانەی ،کاریگەریان لەسەر بەرزتان هەبووە؟ یاخود سەرسامی بە کارەکانیان؟**

-زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە،کاریگەرەیان لەسەر من هەبووە بۆ نموونە لە کوردەکان ،مامۆستا دارا حمە سعید، لە عێراقیەکان مامۆستا محەمەد غەنی حیکمت و مامۆستا ئیسمایل فەتاح وە لە جیهانیەکان زۆر سەرسامم بە کارەکانی هونەرمەند جاکو منی روداو.

- **کامەن ئەو بابەتانەی بۆ پەیکارەکانت هەڵدەبژێت ؟**
- ئەو بابەتانەی دەبنە، پڕترێت زیاتر کوردین وەکو سەرکردەکان ، شاعیران ، ژنیاران…

***پەیکەرەکانت زیاتر واقعین ، یاخود لە خەیاڵین؟**

-ئەوەی راستی بێت ، زۆربەی پەیکەرەکانم زیاتر لە واقع نزیك نەوەك لە خەیاڵ.

***ئاستی هونەری پەیکەرتاشی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ناتوانین بڵێن هونەری ئاستی پەیکەرتاشی لە کوردستان زۆر باشە،بەڵام تا رادەیەك باشە.

***کێشەو گرفتەکانی هونەری پەیکەر تاشی لەکورستان چین؟**

- گرفتەکان زۆرن ، بەڵام کێشەی سەرەکی بریتییە،لە نەبوونی کارگەی برۆنزە لە کوردستان.

***بەچوونی بەرزتان ،شوێنی دانانی پەیکەرەکان لە شارەکانی کوردستان شوێنی گونجاون؟**

- شوێنی دانانی پەیکەر ، دەبێت لەسەر بنەمای زانستی ولێکۆڵینەوە بێت ،واتە دەبێ رەچاوی پانتایی شوێنی پەیکەر،بابەتی پەیکەر، مادەی پەیکەر،قەبارەی پەیکەر،فۆرمی پەیکەر..بکرێت، بەداخەوە هەندێك لە پەیکەرەکان ، لە شوێنی گونجاو دانەنراون.

***ئاواتی بەرزتان چیە؟**

-ئەوەی راستی بێت،ئاواتمە هونەری کوردی لە یگای کلتور و فلکلۆری کوردی، بگاتە ئاست هونەری جیهانی.

- **کامەران حاجی ئەلیاس**

کتێب: نامەی کچێکی مردوو/ نووسینی: ئەحمەد کامەران

[بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن …]

پوختەی ئیدیتکراوی وتووژی ئەسد نەدینیان لە "کانای

دیدار" لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد

دەربارەی هەوداوەکانی عێراق و کوردستان

ئاسۆ نەدینیان: ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک لە عێراق و چ لە کوردستان هەر بەردەوامە... دەستەبات لە دەی ئەم بارودۆخەدا هەر جارە بەهانەک ئەدا بە چارەسەری وەزعەکە، بەڵام دەستبەرداری هەرش نەبووە بەسەر خۆپیشاندەران و سەرکوتکردنیان. ئیستاش لەم بارەدۆخەدا پرۆژە یاسایەکیان هێناوە بە "دادگای فیدرالی" عێراق کە خەریکە "مەرجەعیەتی" دینی بکاتە حوکم بە یەکلاکردنەوەی بریارەکانی ئەم دامەزراوەیە. ئەم پڕۆژە یاسایە و شێنەواری چیە؟ وە بۆچی ئیستا؟

موئەیەد ئەحمەد: مەبەستی ئیسلامیەکان لەم پڕۆژەیە ئەوەیە کە دەستەیەکی (هەیئەیەکی) "فەقیهی" بە "دادگای فیدارلی" عێراق، کە دادگایکی گشتی هەموو عێراق و کوردستانیشە، دابنێین تا زامنی پیادەکردنی "شەریعەی ئیسلامی" بێت لەم دادگایەدا و هەقی ڤیتۆشی هەبێت. دیارە ئەم دەستەیە ئەبێ لە نوێنەرانی هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە لە عێراقدا پێکهاتبێ. زۆر لە فراکسیۆنە پەرلەمانیەکانی ئیسلامیەکان پەدائگرن لەسەری وە وا دانراوە کە ڕۆژی دووشەمە (١٥-٣-٢٠٢١) لە پەرلەمان بریاری لە سەر بدرێت. لە هەمان کاتدا، دیبەیت لەسەر ئەوە هەیە کە ئەو دەستەیە دەوری مەشوەرەتیان هەبێت، یا ئەندامی دادگاکە بن و بە هەقی ڤیتۆوە. دیارە ئەوانەی پرۆژەکەیان هیناوە نیازیانە ئەم یاسایە بسەپێنن وەک ئەوەی کە لە ئێرانەدا هەیە بە ناوی "ئەنجومەنی تەشخیسی بەرژەوەندی ڕێم". خاڵێك بەرنگاری ئەم کارەی ئیسلامیەکان بووتەوە بەتایبەت لە سەشیال میدیادا و ناڕەزایەتی خەیانیان دەربیوە وە گەر ئەم پرۆژەیە فەرزبکەن سەنگەرگرتن و شانەخشکردنەکی تری ئیسلامی سیاسیە لە ئاستی دەوڵەت و لە نیو داداگادا بە سەقامگیرکردنی خەیان وە زەربەیەکە لە ژیانی مەدەنی.
ئەوەی گرنگە لەمبارەیەوە ئەوەیە کە ئەم هەوە و تەقەلایەی ئیسلامیەکان لە کەش و هەوایەکدا بەیوە ئەچێ کە خەیان لە ئاسۆدا دەرگیری قەیرانیکی گەورەن، و ئەم هەوڵیان لە ئاکامی سەرکەوتن یا خود سەقامگیر بوونی زیاتریان نیە.
یەکەک لە پایەکانی نیزامی سیاسی بورژوازی، بە دیاریکراوی نیزامی سیاسی بورژوا لیبرالی، ئەوەیە کە یاسا وە دادگا سەربەخۆ بێت لە دامودەزگاکانی تری دەوڵەتی بورژوازی. بەم جۆرە گەر ئەمان ئەم

یاسایە تەپەینن بە سەر عیراقدا، بە مانایەک، جارێکی تر زەربەیەک ئەدەن لەو سەربەخۆییە ووکەشیەش کە خودی دەسەڵاتداریەتی بورژوازی ئەمریکا و ئیدیعای ئیراق ئیکات، لە نیوان دادگا و دەزگاکانی تری دەوڵەتدا وە زەربەدانکە لە مەدنیەتی دەوڵەتی بورژوازی بە گشتی لە عیراقدا کە ئاکامکانی لە دواشیکردنەوەدا لە زەرەری جەماوەری زەحمەتکەش و ژنان ئەشکێتەوە. هەر بۆیە ئەم کارەی ئیسلامیەکان سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە و دژە ئازادیە و پێویستە هەموو ئازادیخوازێک هەڵوەستی هەبێ بە دژی.
لە دەستوری ۲۰۰۵ عیراقدا هاتووە کە هیچ یاسایەک نابێ پێچەوانەی شریعەی ئیسلامی بێت، ئەمەش بەهانەی داوە بەدەست ئەم هێزە ئیسلامیانەوە کە هەوڵبدەن لە دادگای فیدارالیدا دەستێکیان هەبێ و بەرگری لە جێبەجیکردنی شریعەت بکات. هەر بۆیە پێویستە لەبنەڕەتدا هەوڵ بدرێ کە شریعەی ئیسلامی لە دەستوردا وەلابنریت، و خەبات بکرێین بۆ ئەنجامدانی و ئەمش بکرێتە کەمپەنێکی بەهێز بۆ هەڵتداندەوەی ئەم پرۆژەیەی هێزەت و حزبەکانی ئیسلامی سیاسی و پاشکۆ پێکردنیان.

ئاسۆ نەدینیان: دەسەڵاتی دوای هوخانی ئەمەی سەدام حسین دەسەڵاتێکی قەومی و مەزهەبیە کە تێکەڵێکە و یەکدەست نیە. ئێستا جمهوری ئیسلامی بە سەرکوتی شۆش هات و "مەرکەزی ستراتیژی بەرژەوەندیەکانی" نیزامی ئیرانی دامەزراند، و خەی فەرزکرد. لە وەزعی عیراقدا چەندە چانسی ئەوە هەیە کە دەسەڵات ببێتە ستراکچەرێکی دامەزراو و سەقامگیر بەو کەشمەکەشانەی کە ئێستا هەیەتی؟

موئەید ئەحمەد: دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا وەک ئیران نیە. هەر وەک خۆت وتت، لە ئیراندا شۆرشیک بووە وە لەسەر بناغەی سەرکوتی ئەو شۆشە، لە لایەن هیزەکانی دژە شۆشی ئیسلامی سیاسیەوە، ژەمی ئیسلامی و یاساکانی سەپێنراوە و بە هەموو مانای ووشە "کەماری ئیسلامی ئیران" دامەزرێنرا. بەڵام ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنیەوە بە ناو گۆڕەپانی دەسەڵاتداریەتی پە لە ناکۆکی بووە و ئیستاش هەیە، و لە پێیوەند بە سازدانەوەی دەوڵەت لە عیراقدا، لە لایەن ئەمریکاوە، هاتۆتە ناو "پرۆسەی سیاسی" و حوکمانیەوە.

ئەمریکا پاش هوخاندنی ژیمی بەعس و داگیرکردنی عیراق کوتە دەوڵەت و ژیم دروست کردن، و هوتە ئیسلامیەکان و حزبەکانیان هاتنە ناو بازنەی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە پێیوەند بەم

دەوڵەتسازیی ئەمریکا و ئەم پرسیارە، و توانیان دەستکەوتەکانی و هەزیان هەبێ و حوکمڕانی بکەن. پشتر زۆربەیان وەک هیزی میلیشی هەبوون و بنکەی کەمایەتیان لاواز بوو، ئیستاش لاوازە، و هەر حزب و لایەنیکیان کە بیویستایە لە دەسەڵاتداری نزیک ببێتەوە، ئەبوایە بێتە ناو ئەم پرسەی دەوڵەتسازیی ئەمریکاوە کە ناوی نراوە "پرسەی سیاسی".

بەهەر حال، دەسەڵاتداری ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا، لە ئاکامی ئەوەوە نەبووە کە هێزێکی کەمایەتی گوڕە بووبێت و هاتبێ و دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، یا خود شەشیکی لە ناو بردبێت و ئینجا فەرمانڕەوایی بکات، وەک ئەوەی لە ئیراندا ڕوویدا. ئەم ڕەوت و هیزانەی ئیسلامی سیاسی هەمیشە لەم ناکۆکیەدا ژیاون، کە لە لایەک، نیزامێکی سیاسی بورژوازی هەیە کە بە پاڵپشتی بورژوازی ئیمپریالیستی و جیهانی دروست کراوە لە عێراقدا، و لە لایەکی ترەوە، ئەمان لە دەسەڵاتدان بە هەی ئەم دەوڵەتەوە و لە پێوەندی پەوەی.

لە ڕاستیدا ئەو پرسیارەی کە ئیسلامی سیاسی بتوانی لە عێراقدا هاوسەنگی هێز بگۆڕێت لە بەرژەوەندی خەی تا ئاستی ئەوەی کە عێراق ببێتە ژێرەکی ئیسلامی تەواو عەیار، لە گەڵ ڕاپەڕینی ئەکتەبەردا چوە دەخەکی ترەوە کە دەخی قەیران و خەستبوونەوەی ناکۆکیەکانی خودی ئەم ژیمەی ئیسلامی سیاسیە. ئەوەی کە ئەم ئیسلامیستانە هاتوون لە ئیستادا ئەم پەژیە بسەپێنن و دادگای فیدراڵی ئیسلامیزە بکەن و سوود لەو مەسەلە دیاریکراوە وەرگرن کە لە ناو دەستوردا جێگیرکراوە، ژگاریان ناکات لە قەیران و ئەو پرسە ڕوو لە داچونەی کە تێکەوتوون.

سەرجەم ئەم پرسیارە و کیشمەکێشی دوو باڵی وەسە باڵی ناو ژەمی عێراق ڕوون نابێتەوە بەمان گەر ئەم قەیرانە و ئەم ناکۆکیانە نەناسین. بەدەر لە ململانێی نیوان باڵەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە، ئەتوانینن بڵێین کە دوو باڵی سەرەکی هەیە لە پێکهاتەی ژیمی سیاسی بورژوا قەومی و ئیسلامی عێراقدا.

یەکەمیان، ئەم نیزامە سیاسیەی بورژوازیە کە بە پاڵپشتی ئەمریکا و بورژوا ئیمپریالیستی ڕەژاوایی و بورژوازی نیودەوڵەتی دامەزراوە. ئەبەتە ئەمریکا هیزی سەربازی هەبە لە عێراقدا یا نە، لەو مەسەلەیە ناگەیت. ئەمە بەشیک و باڵێکی بناغەیی ژیمی سیاسی بورواژزی دەسەڵاتدارە و لە بناغەدا سەر بە ئەمریکایە و بەشەکەی تر وە یا باڵەکەی تری ژەم، ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیە بە هەموو لایەنەکانیەوە کە بە خەشیان چەند باڵی و چەند لایەنین و تەنانەت

هەندیکیان داستوخ "موالین بە ئیران" و گردراون بە ئیرانەو و سیاست و ستراتیژی ژیمی ئیسلامی ئیران ئەبنە پشتوو لە عیراقدا.

ئەسعد نەدئینان: لەم دواینەدا پاپا سەردانی عیراقی کرد و دیداری ئەو لوگۆ عەلی سیستانی ئەنجامدرا. ئەو پشنە کە مەرجەعیەت لە عیراق کشە ودابەانی هەیە لە گۆ رژیمی ئسیلامی لە ئیران و ولایەتی "فەقهی". هەروەها کازمی پژی ٦ مارس کە پژی دیداری سیستانی و پاپا بوو وەک پژی لیبوردنی گشتی داگیاند. وا دەرئەکەوت کە ئیەویت بدیلەک بدات بە وەامدانەو بەم وزەیە ناکەک. ئەم سەردانەی پاپا چند ئەکەوتە نیو چوارچەوی کشمکشکانی ناوخەی عیراق کە وخساری کشمکشی ئەمریکا و ئیرانی پەو دیار بت؟

موئید ئەحمد: دیداری پاپا و سیستانی پیامەک بە ئیران کە بورژوا ئیمپریالیستی پژئاوا، ئەوندەی پیوست بت بە "مەزهەبی شیعی"و، لوگۆ "مەرجعیەتی" سیستانی و "نجەف"دان و هاوئاهنگن. ئەمش بەخەی سیگنال ناردنەک بە ئیران کە پاپا و پژوئاوا ئیعتراف بە "مەرجعیەتی نجەف" و عەلی سیستانی ئەکەن، وەک نوینرایەتی "شیعەی" جیهانی و لەکاەی عیراق. "پرسەی سیاسی" دوای ساەی٢٠٠٣ لە سەر ئەم بنمایە دامەزرنراوە کە ئیسلامی سیاسی شیعەی سەر بەم "مەرجعیەتە" هاوئاهنگە لوگۆ سیستمی بورژوازی جیهانی و رژئاوایی و لوگۆ دامەزراندنی دسەاتی بورژوا قومی و تایفی لە عیراقدا.

گەر باسی بنکەی کەمەایەتی لایەنگرانی"مەزهەبی شیعە"ش بکەین، ئەوە ئەو بنکە کەمەایەتیە زیاتر سەر بەم "مەرجعیەتەی نجەف"، گەر تا ادەیک بتوانی ژیم سەقامگیر بکات. سەرجەم ئەمانە ناکەکی و یگرین بە رژهەی ئیران لە پیوەند بە نفوزی لە عیراقدا، و ئەتوانم بیم، کە جمهوری ئیسلامی ئیران بەی ناکری ژیمەکی سیاسی ئیسلامی وەک ئەوەی خەی بسپنی لەم وولاتدا.
ئەوەی کە ئیستا ژیمی ئیسلامی ئیران ئەنجامی ئەدات لە عیراقدا بە پلەی سەرەکی لە گۆگەی هەز و حزبەکان و میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی شیعەویە وەک حزبی دەعوەی مالکی بە پلەی سەرەکی، و هەندی لە حزب و هیزە میلیشیاکانی تر، ئەمە جگە لە هزەکانی تری دەرەوی وتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە لە چشنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و هزەکانی تر کە لە بازنەی بەرژەوندی دوو تەرەف و نفوزی جیوسیاسی ژەمی ئەراندان. ئەوە پشنە کە هەموو هیزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە پیوەندیکیان بە ئەرانەوە هەیە وە ستراتیژەکی گشتی کیان ئەکاتەوە بەام ئەوەی کە بگاتە ئەو ئاستەی بتوانن ژەمەکی

ئیسلامی لە ژیر سایەی کەماری ئیسلامی ئێراندا بهێنن ئاراوە لە عێراقدا، ئەوە ناکرێ و بەیان مەیسەر نابێ.
ئەبەتە دەستتەوەردان و نفوزی ژەمی ئیران لە عێراقدا، لە یەگەی حزب و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و لایەنەکانی تر، دەوری سەرەکی هەیە لە سەر ژیان و چەوندە سیاسیەکانی عێراق، بەڵام ئەمە پێ لە ناکۆکیە و ئاڵۆزی، وە ئەوەی کە ژەمی سیاسی لە عێراقدا بێ تەواوی ساغ بکاتەوە بە لای ئێراندا، ئەوە نابێت. بە بەوای من عێراق خاڵی لاوازی ستراتیژی ئێرانە لە ناوچەکەدا و ئاپەینی ئەکتەبەر بەجارێ ئەو پێگەیەی تەک شکاند و ئیتر نەوەندەکە چوتە شێنەکی تر. وە ئەگەر ئاپەرین زیاتر بەرەوپێش بچێت لە عێراقدا ئەوە بە تەواوی دەرگا لە سەر جەبەجەبونی ئەو ستراتیژیەی ئێران دادەخا.

ئیسەد نەدینیان: ... لە ناو جەرگەی ئەم بارودۆخەدا پێژەی "گفتوگۆی نیشتمانی" لە ئاراداێ کە کازمی، دوای سەردانی پاپا، نکی ئەخا و بیارە هەموو لایەنکان بانگ بکرێن بەشدار بن. ئەمە لە کاتێکدایە، کە کێشە هەیە لە نیوان حکومەتی هەریمی کوردستان و دەسەاتی مەرکەزیدا، و مەسەلەی دادگای فیدرالی هاتتە پێشەوە و زەر کێشەی تر... ئەم پرژیە لە کوێی ئەم وێزەدا قەرار ئەگەیت؟

موئیەد ئەحمەد: وەک ووتم، ئاپەرینی ئوکتەبەر زەبەیەکی گەورەی داوە لەم ژەمە. ئاپەرتەکان باس لەوە ئەکەن کە نزیکەی ٦٠ یەکخراو و گرپ و حزب دروست بووە، و بەجەریک خەیان پێوەستکردتەوە بە ئاپەرینەوە، کازمی مەبەستی ئەوەیە کە پێوەندیک دروست بکات لە نیوان هەبژاردن و ئاپەیندا، و ئێوەت ئەم لایەنانەی کە کازمی و حزبەکانی تری دەسەات دروستیان کردوون لەناو ئاپەرینەکدا، لە یەگەی ئەو کەسانەی کە جەگەوەگیەکیان هەیە لە ناویدا، ئەم دایلەگ بکەن و لایەنێک بن لە "گفتوگۆی نیشتمانی". ئەمە جگە لەوەی دەنگەی ئەوش هەیە کە گوایا بەشێک لە بەعسیەکانیش بەنە ناو ئەم گفتوگۆیەوە. سەرجەم ئەم سیناریۆیە، بەشیکە لەوەی کە لە قۆیراندان و نفوزی کەمەایەتیان لێق بووە. هەر بۆیە ستراتیژکیان بە جەریک ئەوەیە کە ئیحتوای ئەم ناڕەزایەتیانە و ئاپەرینەکە بکەن لە یەگەی ئابڕە یەفەرمیستەکانی و ئەوانەی ئێیانەوێت قەزیەکە بفرۆشن. بەڵام ئەمە دادیان نادا چونکە قۆیرانەکیان لەوە گەورەترە بەم شیوەیە چارەسەربکرێت.

ئیسەد نەدینان: ... کەمەنیستەکان، ئەبە چی بکەن بە ئەم وێزە کە ئەم ناڕەزایەتیانە ئاوەها بە فراوانی دەسەاتی خستتە ژێر پرسیارەوە و خەك بە هیچ لەم سیناریو بەدیلانە وەامی پێزەتیڤی

نداوەتەوە، کۆمۆنیستەکان ئەرکیان چیە کە خەڵک بتوانێ نەفەسی بدات و کۆمەڵگە ئازادی هەبێت؟

موئەیەد ئەحمەد: لە باری سیاسیەوە یەکەم شتت ئەوەیە کە ئیمەش ئەبێ پەدابگرین لە سەر ئەوەی کە هاپەرینی ئۆکتۆبەر ویستی تەواوی ژمارەکە وەلا بنێت، وە ئەبێ پەدابگرین لە سەر ئەوەی کە هیچ جۆرە چارەسەرێ نیە و هیچ جۆرە چاکسازیەک ناتوانی وەڵامی کێشەکانی جەماوەر بداتەوە تا ئەم هاپەینە و ئەم جەنگەی کە هەویداوە بە ئامانجەکانی خۆی نەگات.
ئەوەی کە هەیداوە جەنگەکی گەورەیە و نزیکەی هەزار کەس گیانی لەدەست داوە، ئەمە جگە لە دەیان هەزار بریندار و هەزاران لە گیراوان و فرێنراون و بەسەروشوێن کراوان. هاپەرینی ئۆکتۆبەر ٢٠١٩ کە تا ئیستاش بە شیوەیەک بەردەوامە، جەنگەکی هەمەلایەنە و بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەیە و ئەبە بەردەوام کاربکەین کە ئەم قەیرانەی ژەم قووڵتر بکرێتەوە و بوار نەدرێت بە چاکسازی و هەبەژاردن و وادەی درێی دەسەڵات و هیزکانی، بزوتنەوە شۆرشگێڕانەکە لە باببرن. وە ئەمە مەسەلەیەکی پرنسیپی و بناغەیی ئیمەیە چونکە بە سادەیی پرنسیب و ئامانجی شۆرشگێڕانەی هاپەینەکە خۆیەتی.

دووەەم: بورژوازی هاتووە هەبەژاردن بکا ئەخا، و هیزە شۆرشگێڕکانی هاپەرینش دەتی ئەکەنەوە. لە بەرامبەردا، پێوستە کریکاران و هەژاران و جەماوەری ئازادیخوازی ناوازی و شۆرشگێڕیزی چینایەتی خۆیان بکبخەن، لە دژەوی هەبەژاردن و پەرلەمانتاریزم، و لە هەر ئاستێکدا بێت. هەر لەم هاستایشدا پێویستە کرێکاران ئەم فرستە بکاربهێنن تا ڕێکخراوە خەباتکارە جەماوەریکانیان دروست بکەن، ڕێزکانی هاپەرین کە زیاتر کێکاران و زەحمەتکێشان وە کرێکارانی بکاری گەنجی کچ و کوڕن، خەیان ڕێکخراو بکەن بە ئاسەیکی دەشن وە بە ئاراستەی ئەوەی کە لەم نیزامە ڕزگاریان بێت تا بتوانن بڕەو ئەنجامدانی بڕنامەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێن.

سێهەم: مەسەلەی ژنان کە نیوەی کۆمەڵگەیە کێشەیکی گەورەیە لە عەرقدا. دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بە هاستەوخۆ دوژمنی سەرسەختی ژنان و ئازادی و یەکسانیانە و لە جەنگەکی بە ئەماندایە لەگەڵ نیوەی کۆمەڵگەدا. لە ئاکامی پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەشنبیریی دوو دەیەی هابردوو، ژنان دەلیان زیاتر بەرجەستە بتەوە لە کێشمەکێشی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا، و

هاتونەتە گۆڕەپانی سیاسییەوە، بە تایبەت لە ئاپۆرینی ئۆکتۆبەرەوە. لە ئێستادا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار گۆڕاوە و جۆگرافیگەی و ڕێژەی کۆمەڵایەتی ژنی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنی بێکارکراو و چەوساوە لە کۆمەڵگەدا زیاتر بووە، وە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەشی کە لە زانکۆکان و مەعهەدەکان دەرئەچن، کچ و کوڕ، لە هەر پێشینەیەکی چینایەتی ووردە بۆرژوایەوە هاتبن، ئێستا پێویستە بوون بە ئینزی پرۆلیتاریاوە وە بێکاری تەنگی پێهەڵچنیون، بەم پێیە، ژنان و کچانی پرۆلیتاریا بوون بە هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە لە عێراقدا. هەر بەیە، نەک هەر ئەبە ئاڵای ئەم هێزە پرۆلیتاریە بەرزبکرێتەوە لە بواری خەبات بۆ ڕزگاری ژنان وە بەرگری لە بەرژەوەندە چینایەتیەکانیان، بەڵکو ئەبی ئەم تێزە لە ژنان ڕۆژی ڕابەری سەرجەم بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان بگەڕێن.

ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و بێکارکراو، گەورەترین باجیان داوە و زۆربەی کارساتەکانی چەوساندنەوەی ژن بگشتی لە کۆمەڵگەدا، لە سەری ئەماندا شکێنراوەتەوە. لە ئێستادا کارکتەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان مەرکەی خەباتی ئەم تێزە پرۆلیتاریانەی پێویە. هەر بەیە پێویستە کە دەوری پێشەوێی ببینن هەم بە ڕێکخستنی خەباتی ڕۆژانیان وەک بەشێک لە بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی، و هەم بە بەرەوپێشچوون و بەهێزکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان.
بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عێراقدا بەکردەوە هاوخەباتە لەگەڵ سەرجەم خەباتی شۆرشگێڕانەی سۆشیالیستی پرۆلیتاریا وە پرۆسەی گۆڕانکاری شۆرشگێڕانە و ئاپڕین. دیارە مەبەست ئەوە نیە کە بەشداری ژنان لە ئاپڕیندا هەر تەنها پاپشتی ئاپڕینەکە بێت بەڵکو مەبەست ڕۆڵبینینیانە لە گەینی ئاپڕین بە ئاراستەی ئامانجی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە کە ئازادی و یەکسانی ژنان پێکهاتەیەکی بنچینەیی بێت.

چوارەم: گەنجانی کچ و کوڕ، کە زۆربەیان یا بێکارکراون و یا کرێکارانی ڕۆژانە و زەحمەتکێشن وە یا دەرچووەکانی زانکۆ و مەعهەدکانن، بە هەموویان تێزگەلێکی گەورەی کۆمەڵایەتین و بەشێکن لە پێکهاتەی چینی کرێکار، بەڵام هێشتا نە لە نڤابەدا خەیان ڕێکخستووە و نە لە کاتی ئاپڕین ئۆکتۆبەریشدا توانرا خەیان ڕێکبخرێن لە ڕێکخراوەی جەماوەردا لەوانە گروپی خەباتکارانە و بە کۆمەڵی سەربەخۆی خەیان.
هەموو ئەوانەی کە باسم کردن ئێرکی دەستبەجێی کۆمۆنیستەکانە کە

کاری لەسەر بکەن، و هەر هەنگاوێک و سەنگەرگرتنێک لەم بوارانەدا ئەبێتە هەی بەهێزکردن و پتەوکردنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی پڕلیتاریا و پڕسەی شۆرشگێڕانە و ئاپۆرینەکە. پەویستە ئەم ماوەیەی کە هیشتا ئاپۆرین فراوان نەبووتەوە بکار بهینریت بۆ ئەوەی بتوانرێ لە گەستەندنی داهاتوویدا هەنگاوی گەورە بنرێت بۆ پیشەوە.

ئەسەد نەدینان: ... ئیستا حزبە قەومیەکانی کوردستان لە لایەکەوە لە گەڵ قەیرانێکی گەورە و ئیعترازی خەڵک ڕووبەڕووون، وەک چۆن رژیمی مەرکەزی لە عێراق ڕووبەڕویەتی، و لە لایەکی تریشەوە کۆشیان هەیە لە گەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا و هاوسەنگی هێزی پێشوویان ئیستا گۆڕاوە. ئەمە چ جۆگە و ڕگەیەکی هەیە؟

موئەیەد ئەحمەد: گەر بوار هەبێت، پێش وەختامی پرسیارەکەت باسی ڕووداکی ئەم دواییانەی کوردستان بکەم. (پارتی) (حزبی دیموکراتی کوردستان) بە بەیاری دادگا شەش چالاکەوانی ناڕازایەتیەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی زیندانی کردووە، وە فەرمانی ٦ سال زیندانی بە سەریاندا داوە. ئەم کارەی (پارتی) هەمان کردەوەی ئاکۆشانی یاسا و دادگایە بە ژێر کەفی میلیشیا و دەسەڵاتی ئستبدادی و دکتاتۆریەت. ئەبێتە ئەمە پێشهاتەکی زۆر خەتەرە و پێویستە بۆری پێبگیریت وە نەهێڵرێت سەربگرێ کە یاسا و دادگا بکرێتە ئامرازی دەسەڵاتی میلیشیایی و ئیستبداد. ئەوە گرنگە بە پڕلیتاریا و ئازایخوازان کە نەهێڵرێت ئەو سەربەخۆیە ڕوکەشیەی کە داداگا و یاسا هەیەتی و بورژوازی دەسەڵاتدار ئیدیعای ئەکا، وڵابنریت و بچێتە خزمەتی دەسەڵاتی میلیشیایی (پارتی)ەوە. دیارە هەنگاوی یەکەم لەم بوارەدا فشار خستنە سەر (پارتی)ە کە ئەو چالاکەوانانە بەر بدات.
بچمەوە سەر وەڵام بە پرسیارەکەت، وەزعی کوردستانیش بە هەمان شیوەی عێراقە. گەر سەیری ئاپۆرینەکەی دیسمبەری٢٠٢٠بکەین، ئەوەی کە سە مانگ پێش ئیستا لە هەردوو پارێزگای سلەمانی و هەڵەبجە ڕوویدا، ئەبینین کە هەموو شێنەکانی گرتەوە، و گەر ئەو سەرکوت و تیرۆرە نەبوایە لە ناوچەی بادینانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بە هەمان شیوە لەوێش بڕاو ئەبووە. ناڕازایەتی بەرامبەر دەسەڵاتداریەتی لە کوردستان لە هەردوو ناوچەکەدا هەیە و بەهێزە بەڵام بە هۆی هاوسەنگی هێز لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (پارتی)دا بزوتنەوەی ناڕازایەتی جەماوەر نەیتوانیوە بتەقێنەر.
دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیست لە کوردستاندا لە سەر بورکانی

قیرانکی گورە وستاوە و هەر وەک چۆن لە عیراقدا پرسەی دامەزراندنی نیزامەکی ئیسلامی لەگەڵ ئاپۆرینی ئوکتوبەردا گەیشتە کۆتایی یەگجار کە گرتبوویەبەر و ئاپۆئین بنکەی کۆمەڵایەتی ئیسلامی سیاسی لەرزاند، لە کوردستانیش بە شیوەیەکی تر دەسەڵاتداریەتی ناسیونالیزمی کورد لە پێسەیکدا گەشتۆتە قۆناغی کۆتایی خۆی و لە دۆرەیەکی ڕەگوزەری قیراندایە. ئەوەی کە هێزی سۆشیالیستی و کرێکاری لە کوردستاندا ئەو هیز و توانایەی پێدا نەکردووە تا بتوانی ئەم قیرانە بگەیەنێت بە شۆرشیک و بە ئاپۆرینەکی کۆمەڵایەتی گەورە، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە پرسەکە و قیرانی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزم دەستیپێکردووە و بوەتە واقعێکی مێژووی.

هەم دەسەڵات لە عیراق و هەم لە کوردستان لە قیراندا ئەژین و گفتوگۆکانی نیوانیشیان مەرکی ئەم قیرانەی پێوەیە. گەر باسمان لەسەر گرتنەبەری سیاسەتێکی کۆمۆنیستی بێت ئەوە زۆر گرنگە کە لەم ماوەیەدا بتوانین بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری وەک بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری عیراق بەرەوپێشبەرین، و ئەمە بکەینە ستراتیژی پەیڕەوکراو لە لایەن هەموو کۆمۆنیستەکانەوە. فرسەتێک هاتۆتە پێش بە کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی کرێکاری کە بتوانێ ئەم بزوتنەوە سەرتاسەریە بهێز و یەکانگیر بکات تا زەبەی کۆتایی خۆی بوشێنێ لە دەسەڵات هەم لە عیراق و هەم لە کوردستاندا.

تا مەسەلەی قەومی توانای کاریگەری هەبێ لە سەر هێشی سیاسی خەڵک لە کوردستان، هەرچەندە ئیستا زۆر کابوتەوە بەهەی ئەوەی کە زەربەی خەڵک هیچ پەیوەندیکی ئەوتۆی بە دەسەڵاتداریەتیەوە نەماوە، ئەبی هەمیشە لە هەوڵدابین بە بەرگرتن بە سەرهەڵدانی دووبارەکی و کیشمەکێشی قەومی. خەڵکانی کوردستان نیشانیاندا کە خەڵک دژی هەموو حزبەکانە و ئاپۆئین مقەرکانیانی سوتاندن و گەر بواریان هەبوایە لە ناوچەی بادینان وە هەولیریش بەهەمان شیوە ئەبوو، یانی ئەو دابڕانە ڕوویداوە لە نیوان جەماوەر و دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزمی کورد. لەگەڵ ئەو دابڕانەشدا ئەبێ هوشیار بین وە نەهێڵین دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبی هەم لە عیراق و هەم لە کوردستان، ببێتە ڕێگری بەرەوپێشچوونی ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە گەورەیە. لە کۆتاییدا، جەخت لە سەر ئەوە ئەکەمەوە کە پێویستە شەڵگیرانە لە خەباتدا بین کە ئەم پرسەیەی کە عیراق و کوردستانی لەسەرە بەرەو پێشبەرین و پاشکشەی پێنەکرێ بەهەر هەیکەوە بێت لەوانە ژەهراوی ناسیونالیستی و مەزهەبی و ناوچەگەریەتی.

١٣ مارسی ٢٠٢١

قوتابخانەی ڕۆمانتیسم.. ڕاستی بەهادین

ئەم قوتابخانەیە زادەی شارستانیەکان و پیشەسازی و پشکوتنەکانی چینەکانی ناوەندی کۆمەڵگە لەسەدەی نۆزدەهەمی زایینیی. لە بەر ئەوەی چینەکانی پشکووتوو خوازی ئەمسەدەیەی ئەوروپا ئیتر نەیان دەتوانی دابونەریتەکانی "فئودالیسم – دەرەبەگایەتی" وەک "کلاسیسم" قبول بکەن بۆ بەنیادەم پێویستیان بە ڕەشنبیران و نووسەران و هونەرمەند نەبوو کە بەدڵخوازی خۆیان و بەچوونەکانی خویان قەڵەم بدەستەوە بگرن.
ئەم قوتابخانە ئەدەبیە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەهەم پەرەی سەند تا ئەو شوێنەی کە لێنیوەی دووەمی ئەو سەدەیە و لەهەموو ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا جیهانی ئەدەب و هونەر و بیروباوەڕ و ئەندێشەی کرد بە جۆلانگەی خەی نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە هیچکات کەمدەگا و تاکەکانی کەمەڵە بوشاییەی کە هەبوون وەسف نەدەکرد بەڵکو بوشاوازی کەدەبەت ببن وەسفی دەکرد و لە تابلۆکانیاندا دەیان گونجاند. لەم ڕووەوە ئەم قوتابخانەیە لەبەرامبەر ڕئالیسم دا ڕادەوەستێ.

هونەرمەندی ڕۆمانتیك لە چینی خەی بەزار و هەمیشە هەوڵیدا لە ژیانی ناوکۆمەڵگای خەی دەربازبەت و بەخەیاڵات و ئەندێشە خەیاڵیەکانی خەی پەنادەهەنەت وە بە دەورانی ڕابووردوو وە سەردەمەکانی منداڵی و زید و ئارەزووی تەنهایی دەگەڕێتەوە.
لە ناو پیشەوانی ئەم قوتابخانەیە ئەتوانین ناوی "ستاندال فیکتەر هوگۆ" شاتوبریان لە فەڕەنسا "دا وە "لۆرد بایرون، فیردزفرسی (ویردزورسی) لە بەریتانیا وە گەتە، چیلە ر لە ئەلمانیا وە "پشکین و گوگول و ورمانتەف لە سوڤیەت دا بهەنین. نووسراو و سیناریۆکەی "فیکتەر هوگۆ" لە شانۆگەری کرامەل" بوو بە یەکی لە مرام نامەکانی بزوتنەوەی ڕومانتیسم.
فیکتەر هوگۆ پاشان بە پشکش کردنی کتێبە شاکارەکەی بە ناوی

“بەنداوایان” رابە رایە تی ئە م قوتابخانەیەی گرتۆ ئەستۆ.

گفتوگۆ لەگەڵ ئەفسەری دەزگای ئەمنی پێشوی دەوڵەتی عێراق سەباح الحمدانی.. ئامادەکردنی: عەلی مەحمود

تێبینی:

ئەم بابەتە بەزمانی عەرەبییەو وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، لەبەر گرنگی بابەتەکە هەر بەزمانی عەرەبی و بە فەرمانی PDF بۆی دەکەینەوە…

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

AliMahmud_SabahAlhamdaniDownload

مرواریيەکانی ئەوین.. مەواری حەوتەم/ شیعر: ستیڤان شەمزینی

هەر بیر لەوە ئەکەمەوە
کە تۆ هیچ سووچێکت نییە لە ئازارچێشتنی منا
ئەوە کێپەی ئاگری ڕەحی خۆمە
گەی لە هەموو کامەرانییەکانم بەرداوە

باسی مەرگت بۆ ئەکەم

کە تەنها ئەو کاتژمێری دڵم لە عەشقت رائەگرێ
باسی ژیانت بۆ ئەکەم کە تەنها ئەو
داهاتووم پێ ئەکات لە ئێستای تۆ

بەدرێژایی شەو نانوم ناڵێم بەهەی تۆ
بۆکو لەبەر دەی تەنگی خەم
بۆ بەرینی ڕۆژ خەون ئەبینم
ناڵێم بۆ تەنهایی خەمەوە بۆکو بۆ تۆ

دۆقیش بنوێنی دنیایت "ناتبوورم"ی من
دریەکە عەشق فێری کردم
شەقامی چۆی ئومێدم بۆ گوێی شیعر رازاندەتەوە
لەبەردەم هەنگاوەکانتا

هەمیشە دۆ خورپەمە نەکا ماندوو بیت
لەم خەرابستانەی ڕەحی بریندارم
هەمیشە لەوە دنیام دیدەنی تۆ
ئەبۆ بۆ ساڵژی برینەکی قەتماغە نەبوو

کە تۆ دەرکەوتیت سروودی فرمێسکت
بۆ گۆیم بۆ گەرانی پەکەنین
کە من دەرکەوتم گریانی نائومێدیم
بۆ گۆیت بۆ سەمای بەختەوەریی

ئەوینت دنکە مرواریەکە
لە قووڵترین قووڵایی دەریای دڵما ڕچووە
عەشقی من هەورە بروسکە و نەشئەیەکە
سەرتاپای ڕەحتی گرتووە

لەوەتی مەی چاوکانت ئەنێشم
بادەم لە تامی هەنگوین شیرینتر بووە
لەوەتی ئاگری سەرکێشیم ئەسووتێنێ
بەنکەزوت بۆتە خۆشترین عەترم

کتێبی دەم بکەرەوە و
تەر تەر لەو شیعرانە بخوانە بە تەم نوسیووە
چرای چاوکانم داگیرسێنە و
لە ناویدا تابلۆی نیگا بەزارکانم ببینە

دەروونم بۆتە خەرابستان و
چیتر گوڵی ئارەزووی تێدا سەوز نابێت
سپێدەیەک وەرە و ئەسپی حەزکانت
لە کەلاوی جەستەمدا زین بکە

باخکی پاراو بووم
ئەستاش شارکی خەمەشی بەدەست "باوە
بارانکی چاوباز بووم
ئەستاش شەپۆلکی سووتاو لە هەناوی دەریاوە

سوەد – ستکهۆم

گرنگییەکانی چیرکی بەدەنگ بە

منداڵان.. ڕەزا شوان

چیرۆکی بەدەنگ یا "چیرۆکی وێنەیی" کە بە "چیرۆکی کۆشوربە" یش ناودەبرێت، بە زمانی ئینگلیزیش "سایلەنت ستۆری" یە. جۆرێکە لە جۆرەکانی چیرۆک بە گشتی و لە چیرۆکی منداڵان بە تایبەتی. چیرۆکی بەدەنگ، چیرۆکێکی وێنەییە، هیچ وشە و ڕستە و سیناریۆ و دەقێکی نووسینی لەگەڵدا نییە. پشت بە کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگاوڕەنگی یەک لە دوایەک دەبەستێت، کە ڕووداوێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە.
چیرۆکی بەدەنگ، پەیوەستی بە زمانێکی دیاریکراو نییە، تا لەی تێبگەین. تەنیا وێنە یەک لە دوای یەکەکانی بەسن بە تێگەیشتن لێی.

وێنەکان چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕنەوە.
ئەگەرچی تا ئەمڕۆشن نووسین چیرۆکی بەدەنگی وێنەیی بە نووسین، لە چاو چیرۆکی نووسراوەوە، زۆر کەم و شەرمنانەیە. زۆر کەم لە چیرۆکنووسان و وێنەکێشانی بواری ئەدەب و هونەری منداڵان ئاوڕیان لێداوەتەوە. بەڵام نکۆی لێوە ناکرێت کە چیرۆکی بەدەنگ ژانرێکە لە ژانرەکانی چیرۆک بە منداڵان. دژە هەندە چیرۆکی بەدەنگ، کارتێکردنەکی زیاتر لە چیرۆکی نووسراو، لەسەر هەش و دەروونی منداڵان بکات.
ڕەسەنی چیرۆکی بەدەنگ، بە ئاراستەی گوزارشتی دەگەڕێتەوە. کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، ئەم ژانرە چیرۆکە لە ئەمانیادا سەری هەڵدا و بڵاوبووە. بە تایبەتش لە سینەکاندا، گەشەی کرد و گەیشتە ئۆپەڕەی پشکۆتن باوبوون. لەو سەردەمدا تا ڕادەیەک چیرۆکی بەدەنگ، لە شەوازی ڕەخنەئامێزدا بوو.
بابەتەکانی
گوزارشتیان لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و لە ستەم و لە خواست و لە هەواکانی خەڵکی و لە ململانێ لەگەڵ سەرمایەداریدا دەکردن.
هونەرمەندی شۆکاری ئەمانی (ئەتە نوکەل) هونەرمەندێکی ناسراوی چیرۆکی بەدەنگ بوو. ڕەگەزێکی بەرچاوی لە سەرهەدان و لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی بەدەنگ لە ئەمانیدا هەبوو.
هەر لەسەر شەوازی ئەم هونەرمەندە ئەمانییە، نووسەری بەناوبانگی (فرانس مارسۆ) لە ساڵی (١٩١٨) دا چیرۆکێکی بە ناوی (پیاوە ئۆیندارەکە)وە نووسی و هونەرمەندی وێنەکێشی ناسراویش

(لیندوارد) بۆ (٢٥) وێنە گوزارشتی لەم چیرۆکەی فرانس کرد. فرانس چیرۆکی بەدەنگی دووەمی بۆ ناوی (گۆشتکی سەزدار) هەوە بەرهەمهێنا. کە لە (١٦٧) وێنەی یەک لە دوای یەک پێکهاتووە، چیرۆکەکەی بۆ نووسین دەگەڕێتەوە.
(لیندوارد) لە ساڵی (١٩٢٩) دا، چیرۆکەکی بەدەنگی وێنەیی بۆ ناوی (پیاوی خواوەند) هەوە، کێشاو و بۆاوی کردووە. هەر لە ڕێی هونەرمەند (لینوارد) هەوە، هونەری چیرۆکی بەدەنگ گەیشتە ئەمریکا. کەمەکێک نووسەر و وێنەکێش، هۆگر و هۆاداری بوون. هونەرمەندی شەوکاری پێنیش (باڵسوس) لە تەمەنی (١٦) ساڵانەدا، دەربارەی پشیلەکەی بۆ شەوی چیرۆکی وێنەیی، چەرۆکەکی کێشا و بۆاوی کردووە.
چیرۆکنووسی ئیماراتی (سامیح ئەبوبەکر عیزەت) چیرۆکی (سوور و شین و زەرد)ی نووسی، هونەرمەندی وێنەکێشیش (ئەمانی یوسف) بۆ کەمەکێک وێنەی ڕەنگاوەڕەنگ ئەم چیرۆکەی بۆ منداڵان کێشا. بیرۆکەی ئەم چیرۆکە بۆ کچەیەکی قوتابی دەگەڕێتەوە کە تەنیا سێ ڕەنگ بەیەی هەبوو (سوور و شین و زەرد) بەڵام هاوپۆلەکەی هەریەکەیان، پاکێتکی گۆڕەی (٢٤) ڕەنگیان هەبوو. ئەم کچەیە بیردێکاتەوە و لە خەیاڵیدا ڕەنگکان تێکەڵ دەکات بۆ پێکهێنانی ڕەنگکانی تر. ڕەنگی سوور و زەردی تێکەڵکرد و ڕەنگی پرتەقاڵی پێکهێنا. زەرد و شینی تێکەڵکرد و ڕەنگی سەوزی پێکهێنا. بەم جۆرە چەند ڕەنگکی دیکەشی پێکهێنان. بەمەش زانیاری بۆ هاوڕێکانی گەیاند بۆ کەڵک وەرگرتن لە تێکەڵکردنی ڕەنگکان بۆ پێکهێنانی ڕەنگی دیکە.

هەموشمان چیرۆکی (میکی ماوس) مان، بۆ شەوەی فیلمی کارتۆنی بزوێنی بەدەنگ (ئەنیمەیشن) بینیوە. کە لە نووسین و دەرهێنانی دەرهێنەری سینەمایی ئەمریکی و جیهانی (والت دیزنی: ١٩٠١ــ ١٩٦٦) یە. لە نووسینەکم دا، کە لە چەند سایتکدا بەاومکردەوە، بە درۆژی باسم لە ژیانناەمەی والت دیزنی کردووە. بە کورتی کە (والت دیزنی) کریکارێک بوو لە گەراجێکدا، لە ژوورێکی ئەو گەراجەدا دەمایەوە. چەند مشکێک لەناو ژوورەکەیدا بوون، بە دیوارەکانی ژوورەکەیدا دەهاتنە خوارەوە و سەردەکەوتن، لە والت دیزنی نەدەترسان. مشکێکی سیسەیی بزێ، سەرنجی والت دیزنی ڕاکێشا. والت دیزنی چەندین وێنەی جووڵەکانی ئەو مشکەی کێشا. کردنی بە چیرۆکێکی بەدەنگی وێنەیی، دواتریش لەژێر ناوی (میکی ماوس) واتا (مشکی دەم بە پێکەنین) کردی بە فیلمێکی کارتۆنی بەدەنگی

ئەنیمەیشن بۆ منداڵان. واڵت دیزنی لە رێی ئەو مشکەوە ناوبانگی دەرکرد و بوو دەرهێنەرکی جیهانی و بە ملیۆنێرەک و بە خاوەنی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی.

ئایا نووسینی چیرۆکی بۆدەنگ ئاسانە؟

بەگومان نەخێر، کارێکی ئاسان نییە. چونکە چیرۆکنووسی چیرۆکی بۆدەنگ، پێویستە بیرۆکەیەک بدۆزێتەوە، کە پێویستی بە قسە و نووسین نەبێت، نابێت بە وشە و رستە بیرۆکە و ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی روون بکاتەوە. تەنیا وێنەکێش لە ڕێگای زنجیرە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگەوە، گۆزارشت لە بیرۆکە و لە مەبەستی چیرۆکە بۆدەنگەکان دەکات. سەز و هەستەکانیش جوانترین شتن کە نووسەر لەگەڵ منداڵانی خوێنەردا بیانگۆڕێتەوە. بەڵام سوز و هەستەکان و چێژ و شیرینی وشە و رستەکان، لە چیرۆکی بۆدەنگدا دەرناکەون. هونەرمەندی وێنەکێشی لێهاتوو و داهێنەر دەتوانێت لە میانەی وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوانەوە، سەز و هەستەکان، لە ڕێی هێڵ و ڕەنگەکانەوە بە منداڵان بگەیەنێت.

مۆژووش باسی ئەوەی بە کردووین، کە قەناغی یەکەمی نووسین، کە مرۆڤ دایهێنا. (نووسینی وێنەیی) بوو، واتا بە کێشانی وێنە گوزارشتیان لە ناوی شتەکان دەکرد و لەسەر تاتە قوڕی تێدا دەیانکێشا و شک دەبوونەوە و بە یەکتریان دەنراردن، بە نموونەی: خەر، شاخ، گوێ، ئەسپ، دار، کەو،... هتد، دەکشان. لە قەناغی دووەمدا، (نووسینی مێخی) و (نووسینی هیرۆگلیفی) یان داهێنان، تا گەیشتین بە داهێنانی نووسینی ئێم پیتانەی کە لە ئەمڕۆدا بەکاریان دەهێنین و پێیان دەنووسین.

منداڵان بە سروشتی هەگری وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەکێشانن. بە تایبەتیش لە قەناغی بەرایی منداڵیدا. کە هێشتا فێری نووسین و خوێندنەوە نەبوون. بە وێنەکێشان گوزارشت لە سەز و هەست و لە هیوا و خەونەکانیان و لە کێشەکانیان دەکەن.

گرنگییەکانی چیرۆکی بۆدەنگ بە منداڵان:

١ـ چیرۆکی بۆدەنگ گۆشە بە خەیاڵی منداڵان دەکا: منداڵان بە خەیاڵ و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و بەچوونەکانیان، دەیانەوێت بگەن بە مەبەست و بە ناوەڕۆکی چیرۆکە بۆدەنگەکان. ئاسایشە کە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی چیرۆکی بۆدەنگ جیاوازی هەبێت لە منداڵێکەوە بە منداڵێکی تر.

٢ـ چیرۆکی بۆدەنگ بە منداڵانی تەمەن سێ ساڵان و باخچەی منداڵان، کە بە قەناغی بەرایی منداڵی ناودەبرێ، زۆر گونجاوە.

چونکە تا تەمەنی شەش ساڵان منداڵان فێری نووسین و خوێندنەوە نەبوون. هەگری وێنە و وێنەکێشانن. پێویستە دادگای باخچەی منداڵان ئەم تایبەتمەندییەی منداڵان بە چیرۆکی وێنەیی بقۆزنەوە. لە ڕێی چیرۆکی بەدەنگی وێنەییەوە، پەروەردەیان بکەن و زەرەشتیان فێربکەن.
٣ـ گۆشەکردنی بیری لۆژیکی لەلای منداڵان: لە میانەی بەستنەوەی وێنەی ڕووداوە جیاوازەکانی چیرۆکی بەدەنگەوە، پاڵ بە منداڵانەوە دەنە بە ئاوەی کە پابەندی بیری لۆژیکی بن.
٤ـ هاندانی منداڵان بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان هەستکردن بە ژیانی خۆیان و بە ڕاستیی پێکهاتەکانی ئاو وێنانەی کە لە بەردەستیان دان.
٥ـ یارمەتی منداڵان دەدات بۆ ڕەخنەستنی بیرکەکانیان و پشکۆشکردنیان بۆ ڕەکی.
٦ـ گۆشەکردنی زمانی منداڵان: منداڵان بیر لە دۆزینەوەی وشە و ڕستەی جوان دەکەن. بە گوزارشتکردن لە هەندی لە ڕووداوەکانی چیرۆکە بەدەنگە وێنەییەکان، کە چیرۆکنووسەکان لە چیرۆکە نووسراوەکانیاندا باسیان لێکردوون.
٧ـ گۆڕچی چیرۆکی بەدەنگ نە نووسین و نە سیناریۆی لێگەڕدایە. بەڵام وا لە منداڵان دەکات کە بدوێن و چیرۆکەکە بگێڕنەوە. بەمەش سەرنجداری کۆمەڵایەتیان زیاتر گۆشە دەکات.

ئایا لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا، چیرۆکی بەدەنگمان بە منداڵان هەیە؟

ئایا تا ئێستا چیرۆکی بەدەنگ، بووە بە ژانرێک لە ژانرەکانی چیرۆکی منداڵانی کورد؟ تا ئەمەش ئەم ژانرە چیرۆکە هونەرییە لە ئەدەبی منداڵانی کورد دا. زۆر بە دەگمەن لە لایەن چیرۆکنووسان و شانۆکارانی کوردمانەوە ئاوڕیان لێی داوەتەوە. زۆر بە کەمی بەرچاومان کەوتوون. ناچێین نیمانە، بەڵام زۆر لە خوارووی هەڵی پێویست دایە.
هونەرمەندی شانۆکار و کاریکاتێرکێشی پەرتەری و دیزاینسازی بەرگی پەرتووک و گۆڤارەکانی منداڵان، هونەرمەندی کوردمان کاک (عەلی مەندەلاوی) کە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا وەک هونەرمەندێکی داهێنەر ناسراوە و ناوبانگی هەیە، لە ئێستادا لە بەغداد دەژی. بە ماوەیەکی زۆر لە گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکان کە بۆ منداڵان دەردەچوون، وەک وێنەکێشێک کاری کردووە. خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژ و باشە لە وێنەکێشان

بە منداڵان. مەندەلاوی ئەو کاتەی کە وێنەکێشێک بوو لە گۆڤاری (مجلتي ـ گۆڤارەکەم) کە خانەی ڕۆشنبیریی منداڵانی عێراق بە زمانی عەرەبی بە منداڵانی عەرەب دەریان دەکرد. لە چەند ژمارەیەکی ئەم گۆڤارەدا، لە بەرگی دووەمیدا، کاک عەلی مەندەلاوی چەند چیرۆکی بەدەنگی وێنەیی بەبە سیناریۆ، بە ناوی (ناز)ەوە، بڵاودەکردنەوە.

(ناز ناوێکی کوردییە بە کچان) وێنەکان و بیرۆکەکانی ئەو کورتە چیرۆکە کوردیانەش، زادەی بیری عەلی مەندەلاوی خەین و ئیلهامیشی لە چیرۆکی فەلکلۆری ڕۆسەنی کوردی وەرگرتوون. چیرۆکەکانی (ناز) زۆر کوورت و سادە و ئاسانن. لە شەش تا هەشت وێنە پێکهاتوون، گوزارشت لە بیرۆکە جوانەکان دەکەن. نەک هەر منداڵانی کورد بەگشتی عەرەبیش چێژیان لەو چیرۆکە بەدەگمەن وێنەییانەی مەندەلاوی وەردەگرتن. گەرچی ئەو چیرۆکانەی مەندەلاوی لە گۆڤارێکی عەرەبی دا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام من پێموایە بەشێکن لە چیرۆکی بەدەنگ بە منداڵانی کورد و مەرک و ڕۆسنایەتی کوردییان پێوە دیارە. وەکو پێشتر وتمان، چیرۆکی بەدەنگی وێنەیی پێویستی بە زمانێکی دیاریکراو نییە بۆ تێگەیشتن لێیان.
هەندە لەو گۆڤارە کوردییانەی کە بە منداڵان لە باشووری کوردستاندا دەدرەچوون یا دەردەچن. کە من چاوم پێیان کەوتووە. جار و بار لە ژمارەکانیاندا، چیرۆکی بەدەنگی وێنەیی ڕەنگاوڕەنگیان بەبە نووسین و بە سیناریۆ، بڵاوکردوونەتەوە، لەوانەش گۆڤاری:(پەپولە) و (دنیای منداڵان) و (سفێرە) و (منارەی باوگوگو) و (هەنگ). لەوانەیە لە گۆڤارەکانی تریشدا، کە بە کوردی بە منداڵانی کوردمان لە کوردستان دا دەرچوون یا دەردەچن، زۆر یا کەم چیرۆکی بەدەنگی وێنەییان بڵاوکردووبێتەوە. کە بەرچاوی من نەکەوتوون. داوای لێبووردنیان لەدەکەین کە لەم نووسینەمدا، ناوایانم نەهێناون. هیوادارم گرنگی بەم ژانرە چیرۆکەش بە منداڵانی کوردمان بدەین و فەرامۆشی نەکەین. گۆشکردن و بابوونەوەی بە هەوە و هاوکاری نووسەران و وێنەکێشانی بواری ئەدەبی منداڵان و گۆڤارەکانی منداڵان دێتەدی و بەرجەستە دەبێت و بڵاودەبێتەوە.
لە ئەمەدا لە بەشی منداڵان لە پەرتووکخانەکانی شار و شارۆچکەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستورالیا و لە هەندە لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریکاش، بە دیان پەرتووکی چیرۆکی

بەدەنگی وێنەی ڕەنگاوەڕەنگ بە مندالانی تەمەن سێ تا شەش ساڵان دانراون.

ڕزا شەوان
٧/ ئەپریل/٢٠٢١